# سەکۆی سەربەخۆیی گەلی کوردستان (س.س.گ.ک.)

## ئاگاداری

بۆ / سەرجەم گەلی کوردستان و حیزب و لایەنە سیاسی و جەماوەرییەکان
سەرجەم میدیا کوردیەکان لە سایتی ئینتەرنێت و رۆژنامەکان.

بەڕێزان

سەکۆی سەربەخۆیی گەلی کوردستان کە لە مانگی 8 ی 2003 بڕیاری دامەزراندی درا.
سەکۆی سەربەخۆیی گەلی کوردستان لە ماوەی تەمەنی کورتی توانی جێگای خۆی بکاتەوە لەناخی هەموو کوردستانییەکی سەربەخۆخواز و بەتایبەت لە نێو توێژی گەنجدا.

هەڵبەتە ئەوە لەبەرژەوەندی ئێراقچیەکان و نەیارانی بیری نیشتمانی و سەربەخۆیی کوردستاندا نیە، جا لەبەر ئەوە بە چەندەها شێوازی جۆراوجۆر هەوڵی لەناوبردنی ئەم کۆرپە ڕەسەنەیان داوە و هەوڵی کێشە دروستکردنن بۆی لە ڕێی چەند کەسانێک کە لەبەر نەبوونی ئەزمونی خەبات و کاری سیاسی یان لە ڕێی  هەندێ کاریگەری لاوەکی لەلایەن خەڵکان لە گروپ و لاەنی نەیاری سەکۆ هەوڵی بێ ووچان دەدەن بۆ روخاندنی ئەم بیرە، بەتایبەت بە بڵاوکردنەوەی هەندێ بەیان بەناوی سەکۆی سەربەخۆیی گەلی کوردستانەوە کە لە شێوازی لاوازی نوسینەکان و ئەو هەڵوێستانەی تێیدا دەردەبڕڕێت دورە لە بیروباوەڕی سەکۆ وەک بڵاوکردنەوەی بەیانێک دژ بە بەشدارییبوونی سەکۆ لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە 2005/1/13، کە وەڵامان دایەوە لە بەرواری  2005/1/19 و داوامان کرد لە هەموو سایتە کوردیەکان کە هەرنامەیەک لە ئی مایلی سەکۆوە نەبێت بڵاونەکرێتەوە بەناوی سەکۆی سەربەخۆیی گەلی کوردستانەوە. بەڵام ئەو کەسانە وادیارە بە بەرنامە دەیانەوێت رۆڵی گێرەشێوێنی بگرنە بەر، و بەردەوام دەبن لە بڵاوکردنەوەی بەیان بەناوی دەستەی بەرێوەبردنی سەکۆی سەربەخۆیی گەلی کوردستانەوە، دوای پیاچوونەوە بۆمان دەرکەوت کە ئەوانە بۆ لایەنێکی کوردستانی کار دەکەن و بۆ شێواندنی رووی س.س.گ.ک..
بۆ نمونە لە بەرواری 2005/3/26  بەیانێک لەسەر ئاڵای ئێراق بڵاو کراوەتەوە لە سایتی کوردستانێت کە ئێمە ئاگاداری نین بە هیچ شێوەیەک، هەروەها بۆمان دەرکەوت کە ئەو ئی مایلەی کە لێیەوە دێت (sekoikurdstan@walla.com) کە ئەو سایتە لە لایەن ئەو کەسانەوە بەکاردێت بۆ دەستێوەردانی کاری  س.س.گ.ک. ، تەنانەت لە بڵاوکراوەکەی 2005/3/26 بە هەڵە نوسیبویان (س.س.ک.گ) لە جیاتی س.س.گ.ک.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئێمە لێرەدا داوا لە سەرجەم سایت و ڕۆژنامە کوردیەکان دەکەین ، تەنها ئەو نامانەی کە لەرێگای ( sekoy_gel@hotmail.com ) دێت س.س.گ.ک . بەرپرسە لێی هەروەها وەکو لایەنی یاسایی هەموو سایتەکان بەرپرسن لە راستی ئەو نامانەی کە بۆیان دێت، جا بۆ دووبارە داوایان لێ دەکەین ڕێگا بگرن لەو کەسانە و شتیان بۆ بڵاونەکرێتەوە بەناوی سەکۆی سەربەخۆیی گەلی کوردستان س.س.گ.ک. ئەگەر لەو ئی مایلە نەبێت کە ئاماژەمان پێداوە.

هیوادارین ئێوەش ڕێگر بن لەو کەسانەی کە دەیانەوێت بە شێوەیەکی نایاسای دژایەتی لایەنەکان یان ساختەیی بە ناوی کەسان و لایەنی تر بکات لە ڕێی سایتەکان یان ڕۆژنامەکانەوە.

ئێمە وەک دەستەی بەرێوەبردن (هەوێنی) سەکۆی سەربەخۆیی گەلی کوردستان س.س.گ.ک. لە کۆبونەوەی نائاسایی خۆمان لە بەرواری 2005/4/4 بڕیاری دەرکردنی – ماجد علی کەریم – لە ڕێکخراوەکەمان دا بە کۆی دەنگ (تەنها یەک ئەندام بێدەنگ بوو).

هەڵبەتە ئەو برادەرە (ماجد علی کەریم ) ئەندامی دەستەی بەڕیوەبردن بوو بەڵام وەکوو دەستێکی نەزۆک بەکار هێنراوبوو بۆ شێواندنی هەنگاوەکانی س.س.گ.ک.، لە ڕێی هاوکاریکردن لەگەل کەسانی ناحەز و هەل پەرست لە دەرەوەی س.س.گ.ک. کە بە بەردەوامی دژایەتی و ناحەزیان نیشان دەدا بەرامبەر بە هەنگاوە سەرکەوتووەکانمان وەک کەسێک بەناوی کەمال غەریب، کە پێش چەند مانگێک هەوڵێیکی نەزۆکی سەرنەکەوتووی لەگەڵ هاوبیرێکی ئێمە دابوو کە ڕاییکێشێتە لای یەکێک لە حیزبەکان ، بەڵام بە شێوەیەکی دوور لە هیچ یاسایەک یان پرنسیپێکی سیاسی و مرۆیی توانی لە ڕێی ناوبراو ماجد عەلی دەستێوەری کاری س.س.گ.ک. بیت، هەرچەندە هەوڵی بێ ووچانمان لەگەڵ ناوبراو دا بۆ دوورخستنەوەی لەو جۆرە کارانە بەڵام وا دەرکەوت کە ناوبراو ماجد عەلی گەیشتبووە حاڵەتی نەگەڕانەوە جا لەبەر ئەوە تاکە ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە دەرکردنی ناوبراو لە ریزەکانی س.س.گ.ک.ە.

لێرەدا پێویستە ئەم ڕوونکردنەوانە بخەینە ڕوو بۆ سەرجەم لایەن و دۆستەکانمان:

1- بەشدارییبوونی س.س.گ.ک. لە هەڵبژاردنی کوردستان لە کۆبونەوەی 2004/12/26 بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری لەسەر درا (تەنها ناوبرا ماجد عەلی) دژ بوو و برادەرێک بێ دەنگ مایەوە. بەڵام دوای ئەوە بۆمان دەرکەوت کە بە گوشاری ناوبراو کەمال غەریب بەیانێکی تاکڕەوی دەرکرد لە بەرواری 2005/1/13 دژ بەو هەنگاوە، بە بێ ئاگاداری ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردنی س.س.گ.ک.
2- لە 2005/3/26 بەیانێکی بڵاوکردەوە لەسەر لابردنی ئاڵای ئێراق لەسەر مەزارگەی شەهیدانی هەڵەبجە، کە ڕاستەوخۆ هێرش دەکاتە سەر ی.ن.ک و دەسەڵاتی سلێمانی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

و س.س.گ.ک. وەک وەرگری ئامانەتەکەی پێشەوا قازی محمد کە ئاڵای کوردستانە، نیشان دەدات. بەڵام لای هەموو ئاشکرایە کە ئەو ئامانەتە تەسلیم بە سەرکردەی خوالێخۆشبوو مەلا موستەفا بارزانی نەمر کراوە.

هەڵبەتە ئێمە لە هیچ کاتێکدا سەنگەر لە هیچ حیزبێکی کوردستانی ناگرین و ناشبین بە قسەکەری هیچ لایەنێک دژ بە لایەنێکی تر، . لەبەر ئەوە ئەو کارانە لەبەرژەوەندی گەلی کوردستاندا نیە، بەڵام ئێمە خاوەن بەرنامە و هەڵوێستی سەربەخۆخوازانەی خۆمانین و لە هەموو هەنگاوەکانی س.س.گ.ک. ەئەوە بەدی دەکرێ. لە نامەکەشدا دەردەکەوێت کە نوسەری نامەکە ماجد عەلی نازانێت بەتەواوەتی کەی کارەساتی هەڵەبجە ڕووی داوە جا لەبەر ئەوە نوسیویەتی 16 / 17 ی مارت. هەروەها ناوبراو ماجد عەلی ئامادە نەبوو ناوی خۆی بخاتە پاڵ بانگەوازێک کە داوا بکات لە هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری باشووری کوردستان کە ئەو ئاڵایا لابدەن، نامەکە بەناوی خەڵکی کوردەوە بوو.

3- لە بەرواری 3 ی ئەپریل (نیسان) بەیانێکی بڵاو کروەتەوە بۆ پشتگیری لە ڕەوتی نیشتمانی کوردستان، کە بەڕاشکاوی باس لە هەندێ کێشەی ناو ئەو ڕێکخراوە دەکات و بێ هیچ بەڵگەیەک هێرش دەکاتە سەر ی.ن.ک. و ئەوانەی کە چوونەتە ناو یەکیەتی بە (کرڕاو ) لە لایەن یەکیەتیەوە ئەناسێنێت. بەمەرجێک هیچ بەڵگەیەک نیە ئەوە بسەلمێنێت، ئەگەر هەشبێت ئەوا ئەو کارە لە ئەستۆی برادەرانی ڕەوتە کە باسی لێوە بکەن نەک س.س.گ.ک.. هەڵبەتە ئێمە وەک س.س.گ.ک. لەگەڵە هیچ جیابوونەوەیەکدا نین لە نێو ڕیزەکانی گەلەکەماندا .

لە کاتێکدا کە ئێمە نیگەرانی خۆمان بۆ برادەرانی ڕەوت دووپات دەکەینەوە بە بیستنی ئەو جۆرە هەواڵانە ، لەهەمان کاتدا لەگەڵ ئەوەداین کە مرۆڤ ئازادە لە چ ڕێکخراوێک بیەوێت کار بکات، ئیتر ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسانە کە چۆن پەیرەوی پرنسیبەکانی ڕێکخراوەیی دەکەن، س.س.گ.ک. لە هیچ کاتێکدا ئەو مافە بە خۆی نادات دەستێوەری کاری ڕێکخراوێکی تر بێت، و داواش دەکات لە سەرجەم لایەنەکان ڕێز لە سەربەخۆیی س.س.گ.ک. یش بگرن و دەستێوەردانی نەبن.

بۆ سەلماندنی ئەم هەڵوێستەش ئێمە لەکاتی هەڵبژاردنی کوردستاندا هاوپەیمانێتیمان لەگەڵ لیستی زەحمەتکێشان هەبوو لە لیستی زەحمەتکێشان و سەربەخۆکان لەهەمان کاتدا چەندەها کۆبونەوەی دۆستایەتی و ئاڵوگۆڕی بیر و بۆچوونمان لەگەل سەرکردایەتی ڕەوتدا کردووە کە لە زۆر خاڵدا تیڕوانینی هاوبەشیشمان هەبووە، بۆ هەردوو لاشمان دووپاتکردووەتەوە کە ئێمە نیگەرانین بە جیابوونەوە و لێکدابڕانی لایەنەکان.

4- لە سەرەتای دەست بە کارکردنمان و بڵاوکردنەوەی نامە و بەیان و هەڵوێستی س.س.گ.ک. ئێمە ئی مایلێکمان داناوە بۆ ڕێکخراوەکەمان کە ئەمەیە ( sekoy_gel@hotmail.com ) ، هەر لە ڕێی ئەم ئی مایلەوە هەموو بڵاوکراوەکانمان بڵاودەکردەوە و هەموو سایتە کوردستانییەکانمان ئاگادارکردووەتەوە، بەتایبەت لە بەرواری 2005/1/19 بە ئی مایل ئاگاداری

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سایتەکانمان کردووەتەوە و تکامان لێکردوون ئەگەر هەر نامەیەک لە نامەیەک لە ئی مایلی س.س.گ.ک نەنێردرابێت بڵاونەکرێتەوە بەناوی ئێمەوە، بەڵام بەداخەوە بەڕێزان لە کوردستان نێت و کوردستان پۆست ڕێزیان لەو داواکاریە نەگرتووە، جا لێرەدا دووبارە داوایان لێ دەکەینەوە کە ڕێز لەم داواکاریە بگرن، هەڵبەتە هەموو سایتەکان بە پێی یاسا پێویستە ئاگادار بن لەو کەس و لایەنانەی کە نامە دەنێرێت بەناوی ڕێکخراوێک ئەبێت لە ناونیشانی لایەنەکە خۆی بێت، بەتاییەت ئەگەر ئەو لایەنە ئاگاداری بۆ ناردبێتن. هیوادارین ئەو سایتانە نەبن بە گۆڕەپانێک بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت کێشە بۆ خەڵکانی تر بنێنەوە.

5- ئێمە لێرەدا دەمانەوێت ئاگاداری سەرجەم حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان بکەینەوە کە ئێمە وەک سەکۆی سەربەخۆیی گەلی کوردستان( س.س.گ.ک.) ، خۆمان بە هەڵگری ئاڵای سەربەخۆیی کوردستان دەزانین و لە هەمان سەنگەرداین لەگەڵ سەرجەم لایەنەکان و گەلی کوردستان لە خەباتی سەربەخۆیی و پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی شارستانی کە یاسا سەروەری بێت، ئێمە پشتگیر و هاوخەباتین لە هەر هەوڵێک بەرەو سەربەخۆیی گەل و نیستمانی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بێت، لەهەمان کاتدا ئێمە خاوەن هەڵوێستی خۆمانین و بە سیاسەت ڕێگر دەبین لە هەموو هەوڵێک، بۆ گێڕانەوەی نیشتمانەکەمان بۆ ژێر دەستی داگیرکەران، و ئامادە نین لە ژێر هەر بیانوویەکدا بێت یان هەر تەوژمێکدا بێت مساوەمە لە سەر سەربەخۆیی گەل و نیشتمان بکەین.

باشووری کوردستان لە قەیرانێکی چارەنوسسازدایە کە پێویستە لەسەر هەموو حیزب و لایەنە سیاسی و جەماوەرییەکان و کەسایەتیە نیشتمانپەروەرەکان یەکگرتووبین و پێداگر بین لەسەر مافی ڕەوای گەلەکەمان لە سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، دەوڵەتی کوردستان تاکە زامنی نەهێشتنی قەڵاچۆکردنی گەلەکەمانە.

ڕێز و نەوازش بۆ گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان
نەمری و سەربەرزی بۆ گەلە ستەمدیدەکەمان

سەکۆی سەربەخۆیی گەلی کوردستان

4/4/2005

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com